## ڤیکتۆر هۆگۆ

وەرگێر: حەسەن ئەیوب زادە

کوریژگەیەکی دوازدەسالانە لەسەنگەر و پشتی گرەبەردێکی گلۆیەهەڵدراوی بە خوێن نەخشاو، ئاکامی شەرێکی‌نێوان دووبەرەی دەست و دەروونپاک و دەستپیس لەگەڵ پیاوان بەدیل گیرا.

– ئەفسەر روی کردە کوریژگە و تێی‌راخوڕی:

تۆش لەگەڵ ئەمانەی ؟ ها! تۆ!–

– کوریژگە : ئێمە پێکەوەین.

ئەفسەر: تیرباران دەکرێی. لە نۆبەدا بە!

– کوریژگە چاوی بەولاتدا گێرا. رووناک ببوو. هاڤاڵەکانی وەبن دیوار کەوتبوون.

– کوریژگە روی کردە ئەفسەر و گوتی: رێگەم دەدەی بچمەوە ماڵێ بۆ لای دایکم و ئەو کاتژمێرەی بۆ ببەم؟

– دەتەوێ ڕاکەی؟

– دەگەڕێمەوە جەناب سەروان!.– بەرەڵلای سەرشەقامان ترسیان رێنیشتووە!

– ماڵت لە کوێیە؟– هۆ لەوێ،نزیک ئەو کانیاوە.جەناب سەروان! دەچم ودەگەڕێمەوە.

– ) گاڵتەچی لێخورە!(برۆ)

– کوریژگە وەرێکەوت.

– کونەدرۆ! سەرباز و ئەفسەرەکەیان پێی‌پێکەنین و ئەوانەی لەحاڵی مردندابوون گاڵتەیان پێیهات.

کەنینەکە زۆری نەخایاند. کوریژگە رەنگ هەڵزڵەپاوەکە کتوپر دەرکەوت و هاتەوە. متمانە بەخۆ و بێ شڵەژان پاڵی دا بە دیوارەوە و روی تێکردن ها! لێرەم، ، دەی ئامادەم .